# له یادی بزووتنه‌وه‌ی شورایی ئازاری دا ده‌ڵێین " بژی شورا"

به دوای ڕاپه‌رینی جه‌ماوه‌ری خه‌ڵکی کوردستاندا، که به سود وه‌رگرتن له ڕوداوه‌کانی خه‌لیج و جه‌نگی ئه‌مه‌ریکا له دژی عێراق هاتبووه مه‌یدان . دوو بزووتنه‌وه‌ی کۆمه‌لایتی جیاواز و دژ به‌یه‌ك مورکی خۆیان نا بەم ڕاپه‌رین و ڕووداوانه‌وه، ناسیونالیزمی کورد که ئالاکه‌ی تێکه‌ڵ به ئالای ئه‌مریکاو" زریانی بیابان" کردبوو، له شاخه‌کانه‌وه به سونه‌تی شاخی و عه‌شیره‌تی و دژی ژن و دژی کرێکار وه، به سوود وه‌رگرتن له کۆکردنه‌وه‌ی هێزه چه‌کداره کورده‌کانی سه‌ر به حکومه‌تی به‌عس و ده‌ره‌به‌گ سه‌ره‌ك عه‌شیره‌ت ئه‌نفالچیه‌کان توانی خۆێداسه پێنی به‌سه‌ر چاره‌نووسی کۆمه‌ڵگه‌ی کوردستاندا .

بزووتنه‌وه‌یه‌کی تر که شاری بوو و سه‌ر به‌کرێکار و بزووتنه‌وه‌ی ژنان و لاوانی تینوی ئازادی دژی ناسێونالستی و کۆنه‌په‌رستی سه‌ری هه‌ڵدا و له ماوه‌یه‌کی زۆر کورتدا شکڵی گرت و کارگه و کارخانه و کیڵگه و شارو دێی گرته‌وه و کۆمه‌لانی خه‌ڵك وه‌ك پۆره‌ی هه‌نگ لێی ئالان، ده‌یان شورا له سه‌راسه‌ری کوردستاندا شکڵی گرت و به به‌یان و پلاتفورمی شۆرشگێرانه‌وه ده‌ستیان دایه ڕێك خستن به‌ریوه بردنی ئه‌و شوێنانه‌ی له ژێر نفوز و چوارچێوه‌ی ده‌سه‌لاتی ئه‌وان دابوو .

شوراکان به‌شێك بوون و به‌شێکن له سونه‌تی کۆمۆنیستی و شوراکانی کوردستانیش له‌ژێر ڕابه‌رایه‌تی کۆمۆنیسته‌کان و له‌ژێر ته‌ئسیراتی تێروانینه‌کانی مه‌نسوری حکمت و دوای حه‌وت هه‌شت ده‌یه دوای شۆڕشی ئکتۆبه‌ر و له دلی ئه‌وزاعی جیهانی ڕووداوه‌کانی دوای بلوکی شه‌رق له سه‌رده‌می هات و هاواری بورجوازی جیهانی له‌سه‌ر" ڕوخانی کۆمۆنیزم" شکڵی گرتبوو .به‌رز کردنه‌وه‌ی ئالای سوری کۆمۆنیزم له کوردستاندا و له سه‌ردمێکدا که ده‌زگا زل و زه‌به‌لاحه‌کانی وه‌ك CNNو BBC ته‌پلی نه‌مانی کۆمۆنیزم و سه‌رکه‌وتنی دیموکراسیه‌تیان لێده‌دا، شورا کانی کوردستان ئه‌و منداڵه ناڕه‌حه‌ت و عه‌جوله‌ی کۆمنیزم بوو که ووتی نا بۆ سه‌رمایه‌داری ، بژی کۆمۆنیزم .

شوراکان هستریای ناسیونالیزم بوون، ڕادێوی کیتی نیشتمانی چه‌نده ته‌بلیغاتی دژی به‌عسی ده‌کرد دوو به قه‌د ئه‌وه بۆ داخستنی شوراکان کاری ده‌کرد ، بۆ دڵ ڕازیکردنی دۆسته جیهانیه‌کانی له ئه‌مه‌ریکا و هاوپه‌مانان و دوسته ناوچه‌ییه‌کانی وه‌ك جمهوری ئیسلامی ئێران . یه‌کیتی نیشتمانی باقی هێزه ناسێونالستیه‌کان یه‌کێك له کاره‌کان وه‌زیفه‌کانیان سه‌رکوتی ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه بوو، تا له شاخ بوون له ڕێگای ئێزگه‌که‌یانه‌وه هه‌ڵمه‌تی کۆنه‌په‌رستانه‌یان ده‌کرده سه‌ر شوراکان ، که هاتنه ناو شاره‌کانه‌وه یه‌که‌م وه‌زیفه‌یان ئه‌وه بوو هه‌ڵیان کوتایه سه‌ر شوراکان به چه‌ك ئه‌گه‌ر بۆیان بلوایه به زه‌بری چه‌ك هه‌موو شوراکانیان داده‌خست .

چونکه یه‌کێك له تایبه‌تمه‌ندیه سه‌ره‌کیه‌کانی شوراکان دژی ناسیونالیزم و سوونه‌ته دواکه‌وتووکانی بوو ، دیفاع له ژنان و خواسته‌کانیان و چه‌کدارکردنی ژنان له ناو شوراکاندا سوونه‌تێکی تازه بوو ، یه‌کێك بوو له تایبه‌تمه‌ندیه‌کانی ئه‌م بزووتنه‌وه‌یه . ڕووبه‌رو بوونه‌وه له‌گه‌ڵ مدیر عامه به‌عسیه‌کان که حزبه ناسیونالستیه‌کان داڵده‌یان ده‌دان له جێگاو ڕێگای خۆیاندا بیان هێڵنه‌وه .

شوراکان نه‌خۆشخانه‌کانیان پاراست له ده‌ستی تالانی عه‌شیره‌تی و هه‌رج و مه‌رجی سه‌رده‌می ڕاپه‌رین ، ته‌نها فعالینی شوراکان بوون به هه‌موو شێوه‌یه‌ك له هه‌وڵدا بوون بۆ گێرانه‌وه‌ی ئاوی خواردنه‌وه و کاره‌با بۆ شاره‌کان .

ته‌مه‌نی شوراکان کورت بوو به‌لام پڕ ده‌سکه‌وت و ئه‌زموونێکی زۆر پرۆڤه‌یه‌ك بوو بۆ ده‌سه‌لات گرتن له لایه‌ن جه‌ماوه‌ره‌وه ، ئه‌توانین به شۆڕشی 1905 ڕوسیای بشوبهێنین تا له ئوکتۆبه‌ردا بتوانین ده‌سه‌لات بگرین .

سەرەڕای ئەوزاعی جیهانی کە زۆر دژی کۆمۆنیستی بوو و کۆمۆنیزم لە ژێر مەنگەنەیکی زۆردا بوو ، بەڵام شوراکان نەیانتوانی بارودۆخەکە بگۆڕن بە یەك بارودۆخی شۆڕشگێرانەو و دەسەڵاتی شورایی جێگیر بکەن، ئەمەش تەنها پەیوەند نەبوو بە ئەوزاعی جیهانیەوە ، بەڵکو یەکەم کۆمۆنستەکان بۆ یەکەمین جاربوو وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی واردی گۆڕەپانی سیاسی ببنەوە ئەمەش بێ ئەزموونی بوو ، لە جەنبەیەکی تردا نەبوونی حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی کەبتوانێ ڕابەرایەتی بزووتنەوەکە بکات کارەکتەرێکی گرنگ و چارەنووس ساز بوو ، خاڵی سێیەم نەبوونی ستراتیجیەکی ڕۆشن لە گرتنی دەسەڵات و بەڕێوە بردنی کۆمەڵگەدا ئەتوانم بڵیم مەسەلەی گرتنی دەسەڵات و بەریوە بردنی کۆمەڵگە لە دەستووری کاری کۆمۆنیستەکاندا نەبوو ، خاڵێکی تر ئاسۆی ئەم بزووتنەوەیە لە مەدای جیهانیدا زۆر ناڕۆشن بوو و ڕەخنەیکی جددی کە دواتر مەنسوری حیکمەت تەرحی کرد ئەم ئاسۆیەی زۆر بە ڕۆشنی خستە بەرباس و لێکۆڵینەوەو بزووتنەوەکەی بردە ئاستێکی تر و ئاسۆ داری کرد بە تێروانین و بۆ چوونی کۆمۆنیستی . ئەم نوقتە لاوازیانە کارێکی وای کرد ئەم بزووتنەوەیە نەتوانی لەبەرامبەر ناسیۆنالیزم دا درێژە بە فعالیەتی خۆی بدات لە شکلی بزووتنەوەیەکی بەهێزو چارەنووسازدا کە دیارە حەمەلەی وەحشیانەی حکومەتی بەعس و ئاوارە بوونی خەڵکی کوردستان بێئەمەلی بێ هیوای باڵی کێشا بە سەر کۆمەڵگەدا ئەمەش کارکتەرێکی تری چوونە دواوەی ئەم بزووتنەوەیە بوو .

ڕاستە ئێستا ئەم بزووتنەوەیە بەو هێزو گوڕو تینەوە لە مەیدان نەماوە ، بەڵام فعالەکانی ئاسۆکەی تا ئیستاکە لە کۆمەڵگەدا وەك شەبەحێك دێت و دەچێت بە سەردڵی بۆرجوازیەوە ، لە هەر کوچەو کۆڵان کاگەو کارخانەیەك کۆمۆنیستەکان بۆیان لوا بێت شورایان دروست کردوە و بانگەوازیان بۆ کردووە، ئەگەرچی شورا وەك چوارچێوەك بۆ ڕێکخستنی کرێکاران و جەماوەری بەرینی کۆمەڵگە وە وەك ئەڵتەرناتیڤی دەسەڵات کردن لەلایەن کۆمۆنیستەکانەوە کاڵ بووەتەوە " لە هەندی جێگا لێی پاشگەز بوونەتەوە یا خەریکە تیوری شکستی بۆ دادەتاشن" بەڵام ئەم بزووتنەوە خاوەنەکەی ماوە تەرحی دەکات و بەهێزی دەکات .ئەمەتەرح و بەدیلی ڕێکخستنی جەماوەری و سونەتی شۆرشگێرانەی کۆمۆنیستیە بۆ کۆمەڵگەو کۆمۆنیزمی کرێکاری بەم بەدیلە جەماوەریە دەناسرێتەە وتەعریف دەکرێت، هەر خستنە ژێر پرسیارێکی ئەم بەدیلەوە خۆی دوور کەوتنەوەیە لەم بزووتنەوەیە و ئاسۆ ئامانج و سوونەتەکانی .

ئەمڕۆ لە عێراق و کوردستان هەموو کوچەو کۆڵانێکدا دروست کردنی شوراکان لە هەموو کات پێویست ترەو قابلی تەحقیق بوونە، ئەگەر دەتەوێ ژنان نەکوژرین مندڵان شەلاڵی خوێن نەکرێن دەبی شورا دروست بکەین جەماوەر خۆێ ئیدارەی خۆی بکات پاراستنی ئەمنی خۆی بکات ئەمە ڕێگای دروست و واقعی ، ناسیۆنالیزمی کورد ناتوانی نایەوەی کێشەی خەڵك چارەسەر بکات و پەرلەمانەکەیان وەسیلەی خەبات بۆ جیا بوونەوەی کوردستان نییە، وەسیلەی بەدەست هێنانی بەرژەوەندیەکانی بورژوازی کوردە لە گەڵ برا دوژمنەکانی ئسلامی سیاسی و ناسێنالیزمی عەرەب دا ، بەرێخستنی بزووتنەوەی شورای و لەم ڕێگایەوە تەزمینی دەسەلات و ئیرادەی خەڵك ئەتوانێ لە ڕەگەوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکات .

ئێمە دەمانەوی شورا کان جارێکی بێنە مەیدان، مێژووی پر ئیفتخاری شوراکان مێژووی ئێمەیە، ئەوانەی دەیانەوی بەشکڵێکی تر کۆمەڵگە ڕێك بخەن پێویست بە شەرم و ترسە ترس ناکات بچن بەلای تەرحە ڕاسترەوەکانی خۆیاندا، پرۆژەکانیان بۆ خۆیان شورا هی ئێمەیە، ئێمە مێژووی کۆن و تازەی شوراکان دیفاع لێدەکەین و دەڵێین "بژی شورا" .

بانگە وازی کرێکاران وجەماوەری بەرینی خەڵك دەکەین بۆ دروست کرد شوراکان چی وەك چوارچێوەو ئورگانی خەباتی هەموو ڕۆژە لە پێناو بەدەست هێنانی مافەکانیان و چی وەك ئەڵتەرناتیڤی بەڕێوە بردنی کۆمەڵگە .

**سمیر نوری**

2005\3\16